**بروسکەیەک بۆ دەزگا حیزبییەکان: زاگرۆس و کوردسات و کوردستان تیڤی... کوردستان نێت**

هێندەی کەناڵی ئاسمانی عەرەبی عێراقی لەم ماوەیەدا پێکهاتووە، دوو برابەری ژمارەی کوردییەکانن کە نزیکەی پازدە ساڵە لە کاردان.
لای هەموو رۆژنامەنووس و نووسەرێک ئاشکرایە کە هەندێک لە ئەو کەناڵانە بەداخەوە لەوانەی ئێوە توانای تەکنیکییان زۆر باشترە.
لەو کەناڵانە عێراقییە، سەرەتای دروستبوونیان لێیان بەزیاد نەبێت بەزمانی کوردیش گۆرانیان لێدەدا. ئێستا نەک دەهۆڵەکانمان بێدەنگ بووە بەڵکو ناویشمان نابرێت.
کەناڵی حەیفا، پێشتر زۆر جار لەگەڵ کوردیشدا چاوپێکەوتنیان دەکرد ئێستا هەندێ جار سۆلاف و گەلی عەلی بەگ نیشانی گەشتیارانی عەرەب دەدەن.
بەهەر حاڵ کاتی ئەوە هاتووە ئێوەش بە خۆدا بچنەوە و پێشینە بە زمانی کوردی بدەن.
لەو بڕوایەدانین کە گوێگرە عەرەبەکان بە جۆشەوە چاوەڕوانی کاتی پەخشی ئێوە بن.
چاو لە بەرژەوەندییە حیزبییەکانی خۆتان بپۆشن و بیر لە نەتەوە بکەنەوە. زوبانی کوردی شیرینە و بیپارێزن. کات تێدەپەڕێت و لە خەلۆوت جێگەماوین. ئەگەر نەخشەکان بە بەڕیوبەرەکانتان نایەتە گۆڕین پێشنیارمان ئەوەیە کە بەڕێوبەرەکان بگۆڕدرێن.